الاتحاد العام للاجئين العراقيين

THE INTERNATIONAL  FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

## نامەیەکی کراوە بۆ UNHCRی تورکیا لە پەیوەند بە مانگرتنی 12 پەنابەر لە خواردن لە شاری وان

## UNHCR بەرپرسە لەبەرامبەر بە ژیان وچارەنووسی پەنابەراندا

بەریزان

بەپی ی هەولیك كە ئەمرۆ لەلایەن ریکخراوی پەنابەرانی کوردی ئیران بە دەستمان گەشتووە، بەهۆی شانخالی کردنەوەی ئۆرگانەکەی ئیوە لە تورکیا  لە بەرامبەر بە ژیان و چارەنووسی پەنابەران و پشتگوێ خستنی کارەکانیان ، بەداخەوە 10 پەنابەری تریش پەیوەست بوون بە هەلویستی ئەو دووپەنابەرەی ترەوە کە هەفتەی رابردو بە ناچار دەستیان دایە مانگرتن لەخواردن بە مەبەستی دەستەبەر کردنی مافەکانیان.

بەریزان هەر وەك خۆتان دەزانن پەنابەرانی کوردی ئیران کە بە پەنابەرانی باشوری عیراق ناسراون، لە سالەکانی 2001 روویان کردوەتە تورکیا بەحوکمی ئەو مەترسیانەی کە لەسەر ژیانیان بووە، بەشیوەیەکی گشتی لەسالی 2003 وە وەك پەنابەری سیاسی لە لایەن UNHCRوە بە رەسمی یەت ناسراون. بەلام ئەوەی جیگەی سەرسورمان و رەخنەیەکی جدی یە ئەوەیە کە تا ئیستا هیچ هەنگاویکی بەکردوەتان نەناوە بۆ گواستنەوەیان بۆ ولاتانی سیهەم . ئەمە لە کاتیکدا کە نەك هەر هیچ یاساو بریارنامەیەکی پەنابەری و بەتایبەت پرۆتۆکولی جنیفی 1951 پشتگیری لەم کارەناکات، بە لکو دروست پراوپر پیچەوانەی هەموو بریارنامە پەیوەستدارەکانی پەنابەری وتەنانەت پیچەوانەی جارنامەی مافی مرۆڤیشە.

ئیمە وەك فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سەرباری سەرنج و رەحنەی خۆمان لە رەوشتی مانگرتن لە خواردن یان هەر شیوازیکی تر کە هەرجۆرە مەترسیەکی بۆ ژیانی پەنابەران هەبیت بەلام بە تەواوی مانا پشتگیری لە ماف و داخوازیەکانیان دەکەین و پیمان وایە کە پەنابردنیشیان بۆ مانگرتن لە خواردن تەنها بە مەبەستی ریگە دۆزینەوەیەك بووە بۆ چارەسەکردنی کیشەکانیان و گواستنەوەیان بۆ ولاتانی سیهەم.

بۆیە سەرباری نارەزای دەربرینی توندمان لەپەیوەند بە شانخالی کردنەوەی تا ئیستەتان لەبەرامبەر بە ژیان و چارەنووسی پەنابەران، هەروەها ئیوە بەبەرپرس دەزانین لەبەرامبەر بە چارەنووسی ئەو پەینابەرانەداو تەنها ریگەیەکیش کە بتوانیت ئیوە بەردەم ئەگەری هەر روداویکدا دەرباز بکات جی بەجی کردنی داخوازەیەکانی پەنابەران و گواستنەوەیانە بۆ ولاتانی سیهەم .

بۆیە ئیمە لەکاتیکدا کە ناوی هەموو ئەو پەنابەرانەی کە تا ئیستە مانیان گرتووە لە خواردن بەم شوەیە دەخەینە روو ـ  هەروەها داوا دەکەین کە هەنگاوی دەست بەجی بۆ چارەسەرکدنی داخوازیەکانیانی پەنابەران هەلبهینەوەو لە هەرجۆرە مەترسیەك رزگاریان بکەن، ئەگەر قسەکانی خۆتان لە بارەی ئەوەوە بە هەند وەردەگرن کە( ولاتانیك کە تا ئیستە پەنابەریان وەرگرتووە ئیستە ئیتر وەریان ناگرن ) ئەوا ئیمە وەك فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەری عیراقی ئامادەی هاوکاری کردن و مزاکەرەین لەگەل ئەم ولاتانەدا بۆ ئەوەی کارەکانیان بۆ جیبەجی بکەن و لەم ولاتانە وەربگیرین.

ناوی پەنابەرانیك کە مانیان لە خواردن گرتووە بە شیوەیە :

1-   خەبات قورەیشی 2- محەممەد ئازاد سەلاّواتی3- ژیلا شەهسەواری 4- پەرویز نێعمەتی 5- حەسەن ئەندەرزادە 6 - ئەبوبەکر عەزیزی
7- زاهیر جامیعی 8- کەمال جان علیپور 9 - کارۆ رۆشنی 10 -  عەبدولّلا شاوەیسی 11 - فەیزەلّلا زەندی 12- عەلی تورابی.

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەری عیراقی

2005/6 / 21

Address: Rebwar Arif                                        fediraq@welho.com
00300 Helsinki - Finland                    : 00 358 0440464905